وەزارەتی نەوت وردەکاریی هەوشاندنەوەی هێکۆتنی هەی بڕیەکان لەگەڵ تورکیا ووون دەکاتەوە



وەزارەتی نەوتی عێراق رایدەگەیەنێت، وەزارەتی وزەی تورکیا خواستی خێی بۆ نوێکردنەوەی گرێبەستی بڕی نەوت لەگەڵ عێراقەوە بۆ وەاتەکەی دەربڕیوە، بەشێوەیەکی فراوانتر لەپشتر تاوەکو بوارەکانی نەوت، گاز، پیشەسازی پترۆکیمیایی و کارەباش بگرێتەوە.

سەرچاوەیەکی بەرپرس لەوەزارەتی نەوت لەدوانێکی بۆ ئاژانسی هەواڵی فەرمی کۆموتێع بۆدواداچوونی بۆ کردووە ڕایگەیاند، "ئەوەی بڕاوکرایەوە سەبارەت بەدەرکردنی بڕیارێکی سەرۆك کۆماری تورکیا بۆ کۆتاییهێنان بەکارکردن لەسەر ئەو هێکەکەوتن و پرۆتۆکۆانەی کەلەگەڵ نێوان تورکیا و عێراقدا واژۆکراون سەبارەت بەبڕی نەوتی خاو کەلەعێراقەوە بۆ تورکیا درێژدەبێتەوە، تا 27ی (تەممووز/7)ی 2026، بڕیارەکەی سەرۆکایەتی تورکیاش ژمارەی 10113ی هەبووە و لەماڵپەڕی فەرمیدا بڵاوکراوەتەوە".

ڕونیشیکردەوە، "ڕێککەوتننامەی بڕیی عێراق و تورکیا کەلەساڵی 1973 لەنێوان هەردوو وڵاتی دراوسێ عێراق و تورکیا واژۆ کرا و لەساڵی 2010 هەموار کرایەوە، ئاماژەی بەوەدابو کەلەماڵنگی (تەممووز/7)ی 2026 کۆتایی پێدێت و مەرجی ئەوەشی خستوەتەڕوو، ئەگەر هەر لایەنێك

ئارەزوی هەڵوەشاندنەوەی هەبێت، ئەوا پێویستە ساڵانە پێش وادەی بەسەرچونی ئەم ڕێککەوتنە، داواکارییەکی نوسراو کە خواستی خۆی بۆ هەڵوەشاندنەوەی دەربڕێت، ڕەوانەی لایەنی بەرامبەر بکرێت".

ئاماژەی بەوەشکرد، "لەسەر بنەمای ئەمە، حکومەتی تورکیا ئەمڕۆ بڕیاری خۆی دەرکرد بۆ هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتنەکە بەپێی بگەکانی پێشوی، لەگەڵ پێشکەشکردنی ئەوەی کە حکومەتی عێراق بۆ نوێنەرایەتی وەزارەتی نەوت، بۆ پەرەش بۆ بەردەوامی پەیوەندییە ئابوورییەکان لەگەڵ تورکیای دراوسێ، لە هەوڵکدا بۆ درێژکردنەوەی ڕێککەوتنەکە، لە مانگی (تەممووز/7)ی 2024ەوە لەگەڵ لایەنی تورکیا دانوستان دەکات بۆ ئامانجی درێژکردنەوەی ئەو ڕێککەوتنەی کە باسی لێوە دەکرێت".

ڕونیشیکردەتەوە، "وەزارەتی وزەی تورکیا نوسراوێکی ئاراستەی وەزارەتی نەوت کرد و خواستی خۆی بۆ نوێکردنەوەی ڕێککەوتنەکە دەربڕی، هاوکات لەگەڵ ڕەشنوسی ڕێککەوتنێکی نوێ بۆ هاوکاری لەبواری وزە، گشتگیرتر لە ڕێککەوتنی پێشو، بەو پێیەی هاوکاریی لەبواری نەوت، گاز، پیشەسازیی پترۆکیمیایی و کارەبای لەخۆگرتبو، بەئامانجی فراوانکردنی ئاسۆی هاوکاری نێوان هەردو وڵات".

وەزارەتی نەوتی عێراق دەشڵێت، "وەزارەتەکەیان لە پرسەی پێداچونەوەدایە بەو ڕەشنوسی ڕێککەوتنەی لایەنی تورکی ناردویەتی و دانوستان لەگەڵیان دەکات سەبارەت بەو بابەتە بۆ ئەوەی بگاتە پرۆژەیەک کە خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی عێراق و تورکیا بکات".